# عێراق:

# دیموکراتیزەکردن یان هەڵوەشاندنەوە

د. ڕەفیق سابیر

بەشی دووەم

## 4 -2

## کوردستان: دەرفەتی زۆرتری دیموکراتیزەکردن

پرۆسێسی دیموکراتیزەکردنی عێراق، ئەگەر سەربگرێت، سەرەتای گۆڕانێکی نوێ لە کۆمەڵی کوردستاندا دروست دەکات. لە هەمان کاتدا دەتوانێت دەرەتانی نوێ بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کوردستان و عێراق بڕەخسێنێت. هەڵبەت ئەم پرۆسێسە مەرج نییە پرسی گەلی کوردستان بە تەواوی چارەسەر بکات، یان مافی خۆبڕیاردانی چارەنووس بۆ ئەم گەلە، بە شێوەی سەربەخۆبوون، دەستەبەر بکات، بەڵام مەرجیش نییە گریمانەی بەدەستهێنانی ئەم مافە نەهێڵێت. عێراقێکی دیموکرات ڕەنگە بتوانێت شێوەی پەیوەندیی نێوان خۆی و کوردستان، لە پەیوەندییەکی داگیرکەرانەوە بگۆڕێت بۆ پەیوەندییەکی نیمچە یەکسانانەی ئەوتۆ کە ستەمی زۆرایەتیی عەرەب بەرامبەر بە کورد زۆر کەم ببێتەوە. ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان گەلی کوردستان بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ناتوانێت لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراقدا بژی، ئەوا ئەو کاتە دەتوانێت کێشەکەی لەگەڵ دەوڵەتێکی دیموکراتدا بەشوەیەکی ئاسانتر، یان ڕەنگە بە ئاشتییانە، یەکلا بکاتەوە.

دیموکراتیزەکردنی عێراق لە هەمان کاتدا دیموکراتیزەکردنی کوردستانیش دەگەیەنێت. بۆیە کرانەوە و مۆدێرنکردنی کۆمەڵی عێراق، تا ڕادەیەکی زۆر، کرانەوە و مۆدێرنکردنی کۆمەڵی کوردستانیش دەبێت.

ئێمە لە دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، لە ساڵی 1992 دا، تا ئیمڕۆ سەلماندمان کە بە توانای نێوخۆیی خۆمان نە دەتوانین کوردستانێکی سەربەخۆ دروست بکەین، نە دکارین دەسەڵاتێکی دیموکراتی دابمەزرێنین و کۆمەڵی کوردستان مۆدێرن و دیموکراتیزە بکەین. ئەمە ڕاستییەکە نابێت نکوڵی لێ بکەین، یان بە هەندێک بەهانەی سیاسی و کۆمەڵێک دروشم و پەیڤی ڕازاوە دای بپۆشین. لە جیاتیان، بە ڕای من، باشترە باس و لێدوانی جیدی لە بارەی ئەم

مەسەلانەوە بکەین. ئایا دوای هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق ئێمە ستراتیژێکی دروستمان هەڵبژارد؟ ئایا نەدەکرا وەک ئێریتێریا و بۆسنیا...تاد سەربەخۆیی خۆمان ڕابگەیەنین، یان هەر نەبێت گۆڕینی عێراق بە قەوارەیەکی کۆنفیدرالی بکەینە مەرجی یەکگرتنەوە لەگەڵ عێراق؟ ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ڕاستی ئازاد بووین، بەڵام بۆچی نەمانتوانی کۆمەڵە دەستگایەکی نەتەوەیی دروست بکەین و لە ڕێگای دەستوورێکی دیموکراتانەوە مافی هاووڵاتیبوون و ئازادی و یەکسانبوون و کەمترین ئاستی عەدالەتخوازی لە کۆمەڵی کوردستاندا بچەسپێنین؟
کەواتا ئێمە دەبێت، وەک هەرکام لە کۆمەڵ و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوین چاوەڕێ بین بە کۆمەکی دەرەکی، یان لەژێر فشاری دەرەکیدا، ڕوو لە دیموکراتی و مۆدێرنێتەی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و کولتووری بکەین. هەڵبەت تا ئەو کاتەی ئێمە بەشێکین لە عێراق دەبێت، بە داخەوە، چاوەڕێ بین لە ڕێگای دیموکراتیزەکردنی عێراقەوە ئێمەیش بەرەو دیمکراتی ببرێین، ئەمەیش پارادۆکس (موفارەقە)یێکی سەرنجڕاکێشە! هەمان گەل و کۆمەڵی سەردەست ڕۆژێک بەرەو ئەنفال و ڕۆژێک بەرەو دیموکرایت بەرێت!
بەڵام پرۆسێسی دیموکراتیزەکردن دیارە بە کۆمەکی دەرەکی،بە ڕای من، لە هەرێمی کوردستاندا ئەگەری سەرگرتنی زۆرترە تا لە عێراق و زۆرینەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێویندا، چونکو:

یەکەم: لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا هێزی حوکمڕان، ئیلیتی سیاسی و ڕووناکبیرانیان هەروا لایەنە ئیسلامییە سیاسییەکان بە توندی دژی دیموکراتی و دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵەکانیانن. بەڵام ئەمە تەنیا لایەنێکی ئاستەنگیەکەیە، لایەنەکەی دیکە ئەوەیە کە زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتانە دیموکراتی بە ڕێگاچارەی گرفتە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانیان نازانن. دیماگۆگیای دەوڵەت و مێدیا و سیستمی خوێندن و پەروەردەی ئاینی توانیویانە ڕای گشتی بە جۆرێک چەواشە بکەن کە دیموکراتی لای ئەوان بگۆڕن بە نەفرەتێکی دیکەی ڕۆژئاوا و ئیسرائیل، سەرەنجام زۆربەی خەڵکەکە دیموکراتی بە هەڕەشەیەک لە ئاین و کولتوور و شێوەی ژیان و ناسنامەی نەتەوەییان دابنێن.
کەچی لە کوردستاندا زۆرینەی خەڵکی کوردستان، بە ڕووناکبیران تەنانەت ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانیشەوە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵی کوردستان بە بەشێک لە پرۆسێسی خەباتی ڕزگاریخوازی و بە گەرەنتییەکی ئازادیی خۆیان و نەتەوەکەیان دەزانن. بەڕای من ئێلیتی حوکمڕان کۆسپی سەرەکیی دیموکراتیزەکردنی کوردستانن، چونکو پێیان وایە دیموکراتی هەڕەشە لە دەسەڵاتیان دەکات، یان سنووری بۆ دادەنێت.

دووەم: زۆربەی ئەو وڵات و کۆمەڵانە لە ژێر کاریگەریی بیری سەلەفیی ئیسلامی و شۆڤێنیزمی ئاینی و کولتووری دان. دەزگا و ناوەندە ئاینییەکان و زانایانی ئاینی و تەنانەت مێدیای عەرەبی سەرقاڵی ئەم جۆرە بیرە و بیری کۆنەپەرستانە دێننەوە بەرهەم و بڵاویان دەکەنەوە. بیری سەلەفیی، کە بۆتە ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی سیاسی، لە زۆربەی ئەو وڵاتانەدا وەک تاکە هەقیقەت خۆی پێناسە دەکات. بۆیە ڕەخنە لە کۆمەڵ و مێژوو، بانگێشەی عەدالەت و یەکسانی و ئازادیی ژن و تاکەکەس بەگشتی تا ئەو شوێنە دەتوانن برۆن کە ئەم بیرە سەلەفییە قبووڵی

دەکات. باسکاری عەرەب کەمال ئەبودیب پێیوایە کە "عەقڵی عەرەبی عەقڵێکی دواکەوتووانەیە و ناتوانێت بیر لە مەسەلە سەراسەرییەکان بکاتەوە و پراگماتیکانە و جیهانییانە بێت" باسکارێکی دیکەی عەرەب، عەبدولخالیق حوسێن، دەنووسێت "هێشتا فیکری عەرەبی بەندی فیکری سەلەفییە و لەگەڵ مۆدێرنێتە و شارستانی رۆژئاوادا، بە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی و دیموکراتی و مافی مرۆڤەوە، بەرەنگاری دەکات"2.

کەچی لە کوردستاندا سەلەفییەتی ئیسلامی ئەو دەسەڵاتە ئاینی و سیاسی و فیکرییەی نییە. بیر و دیسکۆرسی زاڵ لە کوردستاندا هێشتا بیر و دیسکۆرسی نەتەوەیی و ڕزگاریخوازییە. تەنانەت زۆرینەی زانایانی ئاینی لە کوردستاندا، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئاینی ئیسلام و ئازادبوونی نەتەوەکەیاندا دەبینن. زۆربەیان ستەمی دەوڵەتی عێراقیان دیوە. ئەوانیش وەک خەڵکی کوردستان بە ئەزموونی خۆیان بەو ڕاستییە گەیشتوون کە لە کوردستاندا ئازادیی ئاینی ئیسلام و ڕێزگرتن لە ئیسلام، تا ڕادەیەکی زۆر، بە ئازادیی خەڵکی کوردستانەوە بەستراوەتەوە.

سێیەم: دوژمانایەتیی ڕۆژئاوا و ئەمریکا، بۆتە ئاینی نیشتمانیی زۆربەی

وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نێوین. یان "دوژمنایەتیی ئەمریکا، لە وڵاتانی عەرەبیدا ، کراوەتە شەهادەتنامەی تەزکییەکردن بۆ عروبە و ئاین و نیشتمانپەروەری و پێشکەوتنخوازی و شەرەف و کەرامەت"3" هەڵبەت ئەم دوژمنایەتییە مێژوویەکی کۆن- نوێی هەیە کە ڕیشەکەی بۆ کێشەی نێوان ئیمپراتۆریای بیزێنتی و ئیمپراتۆریای عەرەبیی ئیسلامی، دواتریش کێشەی ئیمپراتۆریای عوسمانی و ئەوروپا دەگەڕێتەوە. ئەم کێشەیە بە درێژایی سەدان ساڵ و تا هاتنی کۆلۆنیالیزمی ڕۆژئاوا بۆ ناوچەکە و دەرکەوتنی کێشەی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، بە شێوە و بەهانە و ناوی جۆراوجۆرەوە هەر بەردەوام بووە. ئەم کێشە ئاینی و سیاسیە مێژووییە، کە زۆر جار بە کێشە، یان شەڕی کولتوورەکان ناو دەبرێت، ئێستا بە جۆرێکی دیکە خۆی دەرخستۆتەوە و بۆتە دیاردەیەکی زاڵی فیکری و سیاسی. فۆندەمێنتالیستان لە هەردوو بەرەدا لە سەنگەرەکانی ئیمان و باوەڕدا بەرامبەری یەکتری ڕاوەستاون. هێزە سیاسییە ناسیۆنالیستی و ئیسلامی و چەپەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوین، لەگەڵ جیاوازیی ئایدیۆلۆجی و سیاسییان، پێکەوە لە سەنگەرێکدا کۆبوونەتەوە. ئەوان تەنیا بە دژایەتیی فیکر و کولتووری ڕۆژئاوادا نەوەستاون، بەڵکو جاڕی شەڕیان دژی داوە، لە شەڕی ئایدیۆلۆجی و کولتووری و مێدیاوە تا خۆتەقاندنەوە و کاری دیکەی تیرۆریستی.

کەچی گەلی کوردستان گرفتی لەم جۆرەی لەگەڵ ڕۆژئاوادا نییە. کورد نە بەشێکە لە مێژووی ئیمپراتۆریایی و نە خۆی بە میراتگری کولتوور و سەروەریی غەزوی ئەو ئیمپراتۆریایانە دەزانێت. خەڵکی کوردستان، بە پێچەوانەی زۆرینەی خەڵکی ئەو وڵاتانە، هیچ گرفتێکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕۆژئاوادا نییە و بەشێکیش نییە لەو پرۆژە ئیسلامییە توندڕەو و قەومییە عەرەبییەی کە دەخوازێت بەرەیەکی جیهانی لە دژی ڕۆژئاوا و ئەمریکا ساز بکات. گرفتی ئێمە، لەگەڵ کۆمەڵە دەوڵەتێکی بە ئەسڵ ئیسلامییە کە دەیان ساڵە زمان و کولتوورمان دەکوژن، نەک هەر مافی ئازادی، بەڵکو تەنانەت مافی ژیانیشمان پێ ڕەوا نابینن. کەچی ئەمریکا و

هاوپەیمانانی، لە دوای شەڕی کەنداوەوە، گەلی باشووری کوردستان دەپارێزن. لە دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی بەعسیشەوە، هیوایەکی نوێیان بە گەلی کوردستان و عێراق و ئازادیخوازانی ناوچەکە بەخشیوە. بۆیە خەڵکی کوردستان مافی خۆیەتی (وەک گەلانی ئەوروپای دوای شەڕی دووەمی جیهان) کە ئەمریکا بە ڕزگارکەر بزانێت، دۆستانە هاوکاری بکات و داوای مانەوەی لەکوردستان و عێراقدا بکات.

چوارەم: لە زۆربەی وڵاتانی ناوچەکەدا دەسەڵاتێکی بەهێزی دیکتاتۆری و ئیستیبدای هەیە کە بە درێژایی دەیان ساڵ توانیویەتی کولتووری دەسەڵات و کۆمەڵە دەستگایەکی سەرکوتکردن و داپڵۆسین بەرهەم بهێنێت و زۆرترین تەکنیکی مۆدێرن بۆ کۆنترۆڵ و چاودێری کۆمەڵ بەکار بێنێت. توانیویەتی پەراوێزی ئازادی و کولتووری ڕەخنە لە دەسەڵات و داکۆکی لە مافی مرۆڤ و ئازادیی ژن هێندە تەنگەبەر بکەنەوە کە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت هەر نین. ئەم شێوە دەسەڵاتە مەحکەمە بە زەحمەت دەتواندرێت ڕیفۆرمی تێدا بکرێت و دیموکراتیزە بکرێت، چونکو ڕیفۆرم و دیموکراتیزەکردن ئەم جۆرە دەسەڵاتە هەڵدەوەشێننەوە کەچی لە کوردستاندا دەسەڵات خۆی ساوا و ناسەقامگیرە. لە بواری تەکنیکی کۆنترۆڵ و چاودێریکردنەوە کەم توانایە. لەوەیش زیاتر دەسەڵات سێنتراڵ نییە بەڵکو لاواز و دابەشکراوە. دەسەڵاتی کوردی تێکەڵییەکە لە نێوان نەریتی بەڕێوەبردنی عەشیرەتی، کولتووری بەڕێوەبردنی پارتایەتی و بزاڤی ڕزگاریخوازیی لەگەڵ هەندێک توخمی کولتووری دەسەڵات. ئەم شێوە دەسەڵاتە ساوایە، کە نامۆدێرنە، زیاتر توانای گۆڕین و ڕیفۆرمی تێدایە، دیارە بە کۆمەکی دەرەکی! لەبەر ئەم هۆکارانە و هی تریش، لە کوردستاندا ئازادییەک هەیە، کە لەگەڵ ناتەواوییەکەیدا، لە زۆربەی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا نییە. ئاشکرایە ئەم ئازادییە پاڵپشتی دەستووری و دەستگایی (ئینستیتیسیۆن) نییە بۆیە پارێزراو نییە. خەڵکی کوردستانیش نە لە بەردەم یاسادا، نە لە بواری دەرفەتی کاری گرنگ و گەشەکردندا یەکسانن و نە بەیەک ئەندازەیش دەتوانن سوود لەم ئازادییە وەر بگرن. هەڵبەت ئەگەر مرۆڤ باس لە ناتەواویی ئەم ئازادییە و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دڵڕەقی دەسەڵات لە کوردستان بکات دەتوانێت زۆر شتی دیکەیش بڵێت. بەڵام ئەم ئازادییە ناتەواوەی کە دروست بووە فەزایەکی نوێی بۆ ڕەخنە لە دەسەڵات، بوێری ڕووناکبیرانە، داکۆکی لەمافی مرۆڤ و ئازادیی ژنان و خەبات بۆ دیموکراتی و بەمەدەنیکردنی کۆمەڵی کوردستان پێک هێناوە، کە بە قازانجی پرۆسێسی دیموکراتیزەکردنە.

---